پێشەکیەکی کورت :

تێک و پێکچون و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقی دەرگایەکی ئومێد بەخشی بە سەر دڵی تاک و کۆی ئینسانی کوردی دا کردەوە . بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە سوود وەرگرتن لە شکستەکانی پێشوی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی , ئەویش بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ . بەڵام خەریکە وردە وردە ئەو خەونە دەکرێتە قوربانی کۆمەڵێ مەرامی حزبی . هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنان و دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراقی , بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەکی ڕۆشن لەسەر کوردستان کرابێ .دەوڵەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیر تر دەبێ , ئەوەتانێ پرۆڤەکانی سوپای نوێێ عێراقی لەتوانەوەو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سەدرو تێکشکانی گروپە ئیسلامییە توند ڕەوەکانی سێ کوچکەی سونی نشین . هێزو ئینێرژیەکی زیاتریان پێدەبەخشێ بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی "غازی یاوەر" , بۆ لە خوێن گەوزانی بزوتنەوەی سەربەخۆی کوردستان . بۆیە ئێمە" ماڵپەڕی دەنگەکان" بەباشمان زانی پرسیارێک لەو بارەوە بخەینە بەردەست کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی گەلەکەمان .

- ***ئەمڕۆ زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم بووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دیاری بکات.ئایا پێت وانیە سەرکردایەتی سیاسی کوردلە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی ڕێگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست ئەدرێ.بەبڕوای تۆ چ هەنگاوێك پێویستە(چ بکرێت باشە) تا کەڵك لەم دەرفەتە مێژوویی یە وەرگرین؟***

## "با خەڵکی کوردستان خاوەن بڕیاربێت "

**سەلاحی گەرمیان**

**بڕیاردانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی عێراق سیناریۆیەکی تری حیزبە خاوەن دەسەلاتەکانی کوردستانە بۆ بتەوکردنی دەسەلاتی خۆیان بەو شێوەیەی کەتا ئیستا بەشییانکردوە و کوردستانیان کردوەتەوە دو میرنشین و پەیتاپەیتا لە هۆلی ئەودان لە لایەن ڕژێمی پاشەڕۆژی عیراقدا دان بەو واقیعەی ئیستا بنرێت و دابەشکردنی دەسەلات بەو شێوەیەی ئیستا هەیە بچەسپێنرێت.**

**ئەگەر حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان منەتی ئەوە ئەکەن بەسەر خەڵکی کوردستاندا کە خاوەن خەباتن ئەبێت خۆیان گێل نەکەن لەو ڕاستییەی کە بەبی جەماوەری خەڵك ئەوان هیچ بونێکیان نا ئەبو و هەر ئەو جەماوەرە بو ببوە سوتەمەنی ئەو خەباتە. ئەمڕۆ کە ئەوان تیایدا خاوەن دەسەلاتن و خۆیان لە سەروی**

**خەڵکەوە ئەبینن بەرهەمی ڕەنج و قوربانی سەدان هەزار خەڵکی گوند و شارۆچکە وشارە ئەنفالکراوەکانی کوردستانە. کەچی لە هیچ بڕیاریکی خویاندا بەرژەوندی گشتی خەڵك بەرچاو ناگرن وهیچ پرسێك بەو خەڵکە ناکرێت و بەرژەوندی تاکەکەسی و حیزبایەتی لەسەروی هەموو شتێکەوە ئەبینن تا ئەو ڕادەیەیەی گەیشتە داکۆکیکردنیان لە ئەنفالچێکان و بانگیشەکردنی ئاشتبونەوەی گشتی لەگەڵ بەعسییەکاندا و گرتنەخۆیی جاش و تاونباران و خۆفرۆشانی سەربەدەزگاکانی رژێم بەبێ هیچ رێزگرتنێك لە ئارەزو و باری دەرونی خەڵکی کوردستان.**

**کاتی ئەوە هاتوە ڕۆڵی ئەو حیزبە کلاسیکیانەی کوردستان کاڵ کرێنەوە و پێویستە جەماوەر بێتە مەیدان و بەرەوڕوی سیناریۆی ئەو حیزبانە بێتەوە خواستی خۆی بۆ ڕاپرسییەکی جەماوەری سەربەخۆ دور لە شیعارات و دەستێوەردانی حیزبیەوە بسەپێنێت. بەشداربوون لە هەڵبژاردن بەهەر چی بیانویەك بێت، دوبارە سەپاندنی پرۆژەی ئیستعماری دوای شەری جیهانی یەکەمە و دانپێنانە بە ڕێکەوتنامەی سایکس–پیکۆ. دەوڵەتی عیراق کە لە 1921 دامەزرا لە 9 نیسان 2003 هەڵوەشایەوە، و بەشداری خەڵکی کوردستان لە هەڵبەژاردن لە عێراقدا بەشداریە لە دوبارە بنیادنانی دەوڵەتی عیراقە ئەو دەوڵەتەی کە لە ماوەی هەشتاو دوساڵدا وەك داگیرکەر سیاسەتی سەرکوتگەرانەی لە بەرامبەر گەلی کوردستاندا بەرپائەکرد.**

**سەلاحی گەرمیان**
**سیدنی** 2004/11/20